# ئایا هیچ یەکێکتان ناتوانێت لە هەموو ڕۆژێکدا هەزار چاکە بەدەست بهێنێت؟!

لە سەعدی کوڕی ئەبی وەقاسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: لە لای پێغەمبەری خودا بووین -صلى الله عليه وسلم- وفەرمووی: «ئایا هیچ یەکێکتان ناتوانێت لە هەموو ڕۆژێکدا هەزار چاکە بەدەست بهێنێت؟!»، یەکێک لەوانەی دانیشتبوون پرسیاری لێکرد: چۆن هەزار چاکە بەدەست بهێنێت؟ ئەویش فەرمووی: «سەد جار سبحان الله دەکات؛ هەزار چاکەی بۆ دەنووسرێت، یان هەزار خراپەی لەسەر دەسڕێتەوە».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پرسیاری لە هاوەڵانی کرد: ئایا هیچ یەکێکتان ناتوانێت لە هەموو ڕۆژێکدا هەزار چاکە بەدەست بهێنێت؟! یەکێک لەوانەی لەگەڵی دانیشتبوون پرسیاری لێکرد: چۆن مرۆڤ دەتوانێت بەم ئاسانییە هەزار چاکە بەدەست بهێنێت لە ڕۆژێکدا؟ ئەویش فەرمووی: دەڵێت: (سبحان الله) سەد جار؛ هەزار چاکەی بۆ دەنووسرێت، چونکە چاکە پاداشتەکەی بە دە هێندەیە، یان هەزار خراپەی لەسەر دەسڕێتەوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3762

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee